## ئامێرێکی گرنگ بۆ گ

پرۆگرامی indesign (ئیندیزاین) بە یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەتووەکانی بواری نەخشەسازی دادەنرێت، زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکان بەو پرۆگرامە نەخشەسازی دەکرێن.

خوێندکارێك بەناوی (فیونا) ئامێرێکی تایبەتی بە پرۆگرامی ئیندیزاین بەرهەم هێناوە ئەم ئامێرە کە بە spector ناسراوە، ئەرکی ئەوەیە کە نموونەیەك لە فۆنت یان رەنگێکی






## پرۆگرامێک مۆبایلەکەت دەکات بەماوس و کیبۆرد

پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بەوەی چۆن مۆبایلەکەت بکەی بە ماوسی کۆمپیوتەر و لەبری ماوسی سوودی لێوەربگری، یەکێك لەو پرۆگرامانەش Wifi mose and keyboard، ئەپلکەیشنێکی سەرنج راکێش بەهۆیەوە دەتوانی مۆبایلەکەت بکەی بە ماوس و کیبۆرد و کۆنترۆڵی لەمسی..

جار هەیە ماوسەکەت تووشی گرفت بووە یان کیبۆردەکەت بەباشی کار ناکات، لەکاتێکی وادا پرۆگرامی ناوبراو زۆر سوود ی هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە ماوسەوە هەیە گرنگە رەگە بۆ کیبۆردەکەی بەهۆی بچووکی شاشەی مۆبایلەوە توانایەکی ئەوتۆی نەبێت. بۆ سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە دەبێت لەسەرەتادا لە پلەی ستوری پرۆگرامەکە دابەزینی و پاشان پرۆگرامێکی بچووك بۆ پەیوەندی نێوان مۆبایل و کۆمپیوتەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزینی پاشان لە بەرنامەکە سکان بکە هەتا کۆمپیوتەرەکە دەدۆزیەوە هەرکە دۆزیتەوە بە ئاسانی دەتوانی سوودی لێوەربگری.



## مێزێکی هۆشمەند کۆمپیوتەرێکی بەهێز لە یەک کاتدا

کۆمپانیایەك لەم دواییانەدا مێزێکی سمارتی بەناوی la table بەرهەم هێناوە کە شاشەیەکی لەمسی و ویندۆز 10ی لەسەرە. مێزەکە سەرەڕای ئەوەی جوان و سەرنج راکێشە و وەك مێز سوودی لێدەبیندرێ دەکرێت بابەت و مەبەستەکانیشت راستەوخۆ بۆ تەلەڤزیۆن بگوازیەوە.

جێگای ئاماژە پێدانە پێشووتریش دوو کۆمپانیای دیکە بەهاوبەشی مێزێکی ئەندرۆیدی 46 ئینجیان بەرهەم هێنابوو، هەروەها مایکرۆسۆفتیش مێزێکی سمارتی بەرهەم هێناوە..

مێزە هۆشمەندەکە لە دار و ئەلەمینیۆم درووستکراوە، شاشەیەکی فول ئێچ دی هەیە لەگەڵ جامێکی بەهێز کە ناشکێت و بە تەڕبوون تێکناچێت، هەم کۆمپیوتەرە و هەم مێزێکی قاوە خواردنەوە. کۆمپیوتەرەکە پێکهاتووە لە core i5، کارتێکی گرافیکی زۆر بەهێز، رامێکی هەشت گێگابایتی...تاد.





## ـــــــرافیست نەخشەسازان

تایبەت سکا بکات و بەشیوەی راستەوخۆ لە ئیندزایندا دایبەزێنێت. بۆ نموونە فۆنتێکت لە پرۆگرامەکەدا نییە، یان رەنگێکی تایبەتیت نییە بۆ دروستکردنیشی کاتی دەوێت، ئامێرەکە راستەوخۆ نموونەیەك لە فۆنتەکە یان رەنگەکە هەڵدەگرێت و لە ئیدزایندا دایدەبەزێنێت بەهەمان سایز و قەوارەی خۆیەوە.

## پرێنتەرێکی سێ رەهەندی تایبەت بە منداڵان

منداڵانی سەردەمی دیجیتالی ئارەزو و ئاواتەکانیان وەك منداڵانی نەوەی ئێمە نییە کە قەد بەدی نەدەهاتن، منداڵانی ئێستا هەر ئاواتێك هەیان بێت دێتە دی، پێویست ناکات بە گەورەکانیان بڵێن فڵانە لەیستۆك و بووکەڵە و تۆپمان بۆ بکڕە، ئەوان راستەوخۆ دەتوانن بە پێی ویستی خۆیان و ئەو رەنگ و دیزاینەی حەزی لێدەکەن بیدەن بە da vinci minemaker بسپێرن، تا لەماوەیەکی کەمدا بۆیان دروست بکات.

پرینتەری سێ رەهەندی ناوبراو ئەوەی منداڵ حەزی لێدەکات دەتوانێ بۆیان دروست بکات. پرۆگرامێکی تایبەتیشی لەگەڵدایە کە زیاتر لە ٤ هەزار و ٥٠٠ جۆری لە ئامێری یاری و گەمە تێدایە، لە تۆپ و بوکەڵەوە بگرە، تا چەك و گیاندار و گوڵ و گیاو خانوو و بیناسازی...








# ئەو پرۆگرامانەی لە ئەندرۆیدا ریکۆڤەری دەکەن

وێنەکانی سەر مۆبایلەکەت، کورتەپەیامەکانت هەموویان لەناوچوون، دوای فۆرمات کردن سڕانەوە؟ تایبەتییەکانت بە یەکجاری سڕانەوە! زانیارییە تاکەکەسی و دیجیتالیدا ڕێگا چارە بۆ هەموو شتێك هەیە.. گوێی پێمەدەن لە جیهانی پرۆگرامی mobikin doctor خێراترین و دڵنیاترین ڕێگایە بۆ گەڕاندنەوەی پەیامە سڕاوەکان و زانیاریەکانی دیکە، لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی مۆبایل دەگونجێت لە دوو هەزار جۆری مۆبایل پشتیوانی دەکات، جگە لە گەڕاندنەوەی پەیام، وێنە سڕاوەکان و فیلم و فایلە دەنگییەکانی دەهێنێتەوە.

پرۆگرامی fonePaw android recovery یەکێکی دیکەیە لەو پرۆگرامانە دەتوانێت فایلە سڕاوەکان بگێڕێتەوە، بەکارهێنانی زۆر ئاسانە، بەکارهێنەر دەتوانێ هەموو زانیارییەکان بگێڕێتەوە، لە گشت ڤێرژنەکانی ئەندرۆید پشتیوانی دەکات.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ماوەیەکە مۆبایلە سمارتەکەم بەبێ ئەوەی کە من ئیزن بدەم هەر لەخۆیەوە پرۆگرام دادەبەزێنێ ڕێگا چارەیەك هەیە؟**

خوێنەری بەڕێز گەر مۆبایلەکەت بەبێ ویستی تۆ پرۆگرامی دابەزاند، یان هەندێك کارو ئەرکی ئەنجامدا ئەوە بزانە کە تووشی ڤایرۆس بووە، ئەم ڤایرۆسە لە ڕێگای ئەپلکەیشینی تایبەت بە clan یان تایبەت بە چرا لایت دێنە سەر مۆبایل... تەنیا ڕێگاچارەش ئەوەیە کە مۆبایلەکەت فۆرمات بکرێتەوە، ئەگینا ئەنتی ڤایرۆسەکان ناتوانن بیسڕنەوە...



## لاپتۆپێکی بەهێز لە ئاسۆسەوە

کۆمپانیای asus لەم دواییەدا ئولترابوکێکی بەناوی zenbook flip ux360 بەرهەم هێناوە، بارستایی و تەنکی لاپتۆپەکە تەنیا ١٣,٩ ملمە.. کێشەکەشی تەنیا کیلۆیەك و ٣٠٠ گرامە. باترییەکەی هەتا ١٢ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. شاشەیەکی لەمسی زیاتر لە ١٣ ئینجی هەیە و فول ئیچ دییە، نەوەی شەشەمی intel core Mی لەسەرە، رامەکەی ٨ گیگابایتە.

گرنگی لاپتۆپەکە لەوەدایە کە ٣٦٠ پلە دەسورێتەوە، هەم دەبێتە لاپتۆپ و هەم دەبێتە تەبلێت..





## ئەنگوستیلەی سمارت چاودێریت دەکات

لەو هەرێم و ناوچانەی کە ئەمنییەتی تێدا نییە دەبێ لە هەر ئامێرێك بۆ چاودێری و ئەمنییەت سوود وەربگری، گەلێك ئامێر بەرهەم هاتوون کە ئەرکیان چاودێرییە، بەڵام رەنگە هیچیان وەك ئەو ئەنگوستیلە سمارتە بەئاسانی لەبەردەستدا نەبێت، ئەنگوستیلەی هۆشمەندی mangos سیستەمی بلوتوسی لەسەرە بەکارهێنەر لەکاتی مەترسی و پێویستدا دەتوانی بە داگرتنی دوگمەیەك هاورێیان و نزیکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە. ئەنگوستیلەکە زیاتر بۆ خانمانە بۆ ئەو کاتانەی یەکێك لە شەقامدا گێچەڵیان بۆ ساز دەکات. دیارە بەرلەو ئەنگوستیلەیەش ئەنگوستیلەی Nimb بەرهەم هاتبوو کە دەتوانێت لە رێگای GPS ەوە لەکاتی پێویستدا پەیام بۆ ئەو ژمارانە دەنێرێت کە پێشووتر تێیدا دیاری کراون و هەروەها شوێنەکەشیان بۆ دیاری دەکات.





## سایتێکی گرنگی تایبەت بە سینەما

سایتی cinesift یەکێك لەو سایتە سەرکەوتووانەیە کە تایبەتە بە فیلم و سینەما..سایتەکە بانکێکی زانیاری گەورەیە پڕە لە فیلمی سینەمای جیهانی. گشت ئەوانەش بەپێی پلە و ئەو خەڵاتانەی وەریگرتوون ریزبەندی کراون.

ئەگەر ببی بە ئەندام لەو سایتەدا بۆ خۆتان دەتوانن لیستێك دروست بکەن گشت ئەو فیلمانەی کە حەزی لێدەکەن لە داهاتوودا سەیری بکەن دەتوانن لەودا ئەرشیفی بکەن. جگەلەوەش ئەو فیلمانەی کە حەزی لێدەکەن دەتوانن بیناسێنن و هەروەها ئەو فیلمانەی دیتووتانە دەتوانن دەستنیشانی بکەن.. سایتەکە پڕە لە زانیاری ورد و گرنگ لەبارەی فیلم و سینەما لە جیهاندا...